# ڕێنووسی کوردی لە گوگل دا زیاد دەکرێت

گوگل لەم دواییانـــەدا گۆڕانکارییەکـــی نوێی لەخۆیدا پێکهێنا، ئەویش دانانی کیبۆردێکی تایبەتە لەســـەر سایتەکە بۆ ئەوانەی کە بەدوای وشـــەیەکدا دەگەڕێن و کیبۆردەکەیان ناتوانێ پیتی ئەو زمانە بنووسێ تایب بکەن، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، کاتێك یەکێك دەیهەوێ لەســـەر کۆمپیوتەرێك بەدوای وشـــەیەکدا بگەڕێ، بـــەڵام کۆمپیوتەرەکـــە تەنیا کیبۆردی ئینگلیـــزی لەســـەرە، دەتوانی لەوکیبۆردەی گوگل ســـوود وەربگـــرێ، هەتاکو ئێســـتا تەنیا 35 زمان بـــەو کیبۆردە زیادکراون، گوگل بڕیاری داوە گشـــت ئەو زمانانەی کە لە سایتەکەی دا هەن لە داهاتوودا کیبۆردی تایبەت بەخۆیان بۆ دابنێت، زمانی کوردیش یەکێکە لەم زمانانە.






# هەموو شتێک لە سایتی www.evernote.com دا خەزن بکە

گەر ئەدەرســـی ســـایتە پێویســـتەکانت بەردەوام لەبیر نامێنێ، گەر دەتهەوێ بابەتەکانی خۆت لە ســـایتێکدا خەزن بکەی سایتی www.evernote.com وەك یەکێك لە سایتەکانی خزمەتگوزاری داکردنی داتاکان هەڵبژێرە. لەو سایتەدا تەنیا بە چەند کلیکێك دەتوانی ئەو شتانەی کە ناتهەوێ لەبیرت بچنەوە تێیدا خەزن بکەی. لەو سایتەدا دەتوانی وێنە و فیلم خەزن بکەی. هەرشـــتێك کە وەربگری لەو سایتەدا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکـــی ڕیزبەندی دەبێ، دەتوانی لە ناوئەو بابەتانەی کە خەزنت کـــردووت بەدوادا گەڕان بکەی. بەڵام لەســـەرەتادا دەبێ پرۆگرامێکی تایبەت کە لە ســـایتەکەدا هەیە و قەبارەکەی 40 میگابایتە دابەزێنییە سەر کۆمپیوتەرەکەت و پاشان سایتەکە وەك کۆمپیوتەرەکەی خۆت سەیر بکە و هەرچی هەتە دەتوانی تێیدا خەزن بکەی.

# N98 وەک بەهێزترین هاندی نۆکیا

پاش ئەوەی کە کۆمپانیای نۆکیا کە یەکێکە لە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، ڕێکلامێکی زۆری بۆ مۆبایلە نوێیەکەی کرد، لە ئاکامدا لە سەرەتای هەفتەی ڕابردوودا هاندە نوێیەکەی نۆکیا کە سەربە زنجیرەی Nەکانە و دواین هاندی زنجیرەی Nە کە بە N98 ناســـراوە، کەوتە بازاڕ.

گرنگترین تایبەتمەندی هاندی N98 کامێرا 12 میگاپیکسیلەکەیەتی کە کوالیتیەکەی لە جۆری HDیە. کامێراکەی فلاشـــی زنۆنی هەیە، بەکارهێنـــەر دەتوانێ لە شـــوێنە تاریکەکانیش بە کوالیتـــی بەرز وێنە بگرێت.

N98 دەکرێ بە کێبڵی تایبەتی خۆیەوە لە تەلەڤزیۆن یان پرۆژکتۆر پەیوەند بدرێت و وێنەکانی سەر مۆبایلەکە لەسەر تەلەڤزیۆن نیشان بدرێن. ئەو هاندە لە تەکنەلۆژیای Dolby digital سوود وەردەگرێ و ئەو دەنگانەی لەسەر تەلەڤزیۆن بـــڵاوی دەکاتەوە کوالیتی زۆر لەســـەرێیە. بەهۆی ئەو هاندەوە دەتوانی ســـەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەك فەیس بـــووك و تویتەر بکەی. بەکارهێنەر دەتوانی وێنە و فیلمەکانـــی کـــە بەو مۆبایلە گیراون هـــەر لەوکاتدا بیخاتەســـەر تـــۆڕی ئەنتەرنێتەوە.بەهۆی ئەو هاندەوە دەتوانی ســـەیری چەندین تەلەڤزیۆنی ئاســـمانی بکەی. گەر سوودی لێوەرنەگیری باتری مۆبایلەکە تاکو 400 سەد کاتژمێر دەخایەنێ. بەڵام لەکاتی قسەکردندا تەنیـــا دەتوانی 720 خولەك دەخایەنێ. میمۆری هاندی N98، 16 گیگابایتە.



# چایچی دیجیتالی داهاتوو




”تکایە پاش پێنج خولەکی تر، چایەکم بۆ سازکە و پاشان چوار فنجانیش چای تێکە“ ئەوە فرمانێك نییە کە بە چایچی، چایخانەکانی بڵێی، بگرە دەکرێ بەو ئامێرە دیجیتالییە بڵێی کە ئەرکی ئەو چای لێنانە، دەکرێ بە دەنگ فەرمانی پێبدەی کە چایت بۆ ساز بکات.

چایچییە دیجیتالییەکە کە بە Speak n'Brew ناسراوە، دەکرێ گشت ئەو فرمانانەی لەبارەی چا دروستکردنەوە پێی بڵێی تاکو بە گوێری فەرمانەکانت بجولێتەوە. تەنانەت دەکرێ پێی بڵێی کە چایەکەت رەش یان زەرد بێ. ئەو چایچییە لە ستیلی دژی لەکە پێکهاتووەو شاشەیەکی LCD لەسەرە. هەروەها ئەو توانایە هەیە کە پاش دوو کاتژمێر کارکردن ئۆتۆماتیکی بکوژێتەوە.



# پرۆگرامی Uninstal Expert تایبەت بە سڕینەوەی پرۆگرامەکان




ئەوانەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەیان پرۆگرام و گەمەیەکی زۆر دادەبەزێنن، لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە خێرایی کۆمپیوتەر دابەزێت و هەروەها شوێنێکی زۆریش لە هاردی کۆمپیوتەرەکە بەوە داگیر بکرێت. دەستەواژەیەك هەیە دەڵێ: دابەزاندنی پرۆگرام ئاسانترە لە لابردنیان. هەرچەندە خودی سیستەمی کۆمپیوتەر لە بەشی کۆنترۆڵ پەنەلدا بەشێکی هەیە بەناوی Add/remove بەڵام لەو بەشەدا تەنیا دایراکتەری پرۆگرامەکە دەسڕێنەوە، هێشتا فایلە زیادییەکانی پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەر دەمێننەوە کە بەشێکی زۆر لە هاردەکە داگیر دەکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمپیوتەر خێرایی دابەزێت. زۆر پرۆگرام هەن کە ئەرکیان سڕینەوەی پرۆگرامەکانی ناوکۆمپیوتەرە، رەنگە یەکێك لە باشترین پرۆگرامەکان پرۆگرامی Uninstall Expert بێت، گەر هەر پرۆگرامێك بەو پرۆگرامە بسڕیەوە دڵنیابە کە پرۆگرامەکە بەتەواوی سڕاوەتەوە. خێرایی پرۆگرامەکەش زۆر لەسەرێیە.

# مۆبایلێک لەسەر شێوەی تۆپ بۆ مۆندیال



بەر لە دەستپێکی مۆندیالی 2010، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل، هاندێکیان دروست کردووە لە سەر شێوەی تۆپ کە تایبەتە بە مۆندیال، ئەو هاندە نوێیە خاوەنی دوو سیم کارتە و تایبەتە بە هاندەرانی تۆپی پێ کە بۆ مۆندیالی ئەمساڵ بۆ ئەفریقای دەچن. بەکارهێنەری ئەم هاندە دەتوانێ هەم سیم کارتی وڵاتی ئەفریقای باشوور بەکار بێنێ و هەم سیم کارتی وڵاتەکەی خۆی.

هاندەکە وەك زۆربەی هاندەکانی دیکە رادیۆی FM تێدایە و سیستەمی بلوتوسی لەسەرە و بۆ مەودای زۆر نزیك سیستەمی بێ تەلەیشی هەیە.